# ئێران: پێتاندنی یۆرانیۆم لە وڵاتەکەی هەرگیز ناوەستێت و بەردەوام دەبن

ئەمیر سەعید ئیرەوانی نوێنەری ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، پێتاندنی یۆرانیۆم لە وڵاتەکەی هەرگیز ناوەستێت و بەردەوام دەبن.

ئەمیر سەعید ئیرەوانی لەپەیامێکدا ڕایگەیاند، "پێتاندنی یۆرانیۆم هەرگیز ناوەستێت و هیچ هەڕەشەیەکی ئێرانیش لەسەر ڕافایل گرۆسی سەرۆکی ئاژانسی وزەی ئەتۆم نییە".
وتیشی، "ئێستا پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ناتوانن بچنە ناو دامەزراوەکانی ئێرانەوە، کەمەکێ ڕووشوێنی توند لەلایەن وڵاتەکەیەوە گیراونەتەبەر".

پێشتریش دۆناڵد تەرەمپ سەرۆکی ئەمریکا جەختیکردەوە"بەهیچ جۆرێك ڕێگە بەئێران نادەن، ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی و یۆرانیۆم بەرهەمبهێنێت، ئەگەر بەتەواویش ئێران دەستبەرداری یۆرانیۆم بێت، ئامادەیە سزاکانی لەسەر هەڵبگرێت".